# دنیای منداڵان

129

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

ڕەشەممەی 1391 – مارسی 2013



دنیای منداڵان ٢
ژمارە ١٢٩- رەشەمەی١٣٩١







# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر
دەستەی نووسەران: هانا وریا، بێگەردعەلیپوور

فتۆشاپ و دیزاین: مینا سوڵتانزادە
تایپ: شەهاب رەحمان پوور

**پەیوەندی:**
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com
tel:٠٠٩٦٤٧٧٠٥١٦٤٥٣٥





## وتەی ئەمجارەمان

نەورۆز هاتۆتەوە. نەورۆزی جوان و ڕازاوە، لەگەڵ بەهاری سەرسەوز.

نەورۆز جێژنی گەورە و نەتەوەیی ئێمەی کوردە، جیا لەوەی وەرزی ژیانەوەی سروشت و ژینگەشە. هەر بۆیەش بەر لە هەموو شتێک بە بۆنەی هاتنی نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێین. نەورۆزتان پیرۆز بێ ئازیزەکانی دنیای منداڵان.

لەبارەی نەورۆزەوە دەمانەوێ یەک دوو شتتان وەبیر بێنینەوە. ئەوەی کە جوانترین جلە کوردی‌یەکانتان لەبەر بکەن، ئەوەی کە لە کاتی ئاگرکردنەوەکانی چوارشەممەسووری و نەورۆزدا ئاگاتان لەخۆتان بێ نەسووتێن، تەرەقە و تۆقتۆقەش بەکار مەهێنن، ئەوەی کە ئەگەر چوونە سەیرانیش، پاکو خاوێنیی دەوروبەرتان بپارێزن، کوردستان جوانو ڕازاوەیە دەبێ بە هەموومان پاک و خاوێنی ڕابگرین.

بەڵام یەک شتی دیکە، ئێوە دەوزانی کە ئەمساڵو لە بەرە بەری نەورۆزدا لە باشووری کوردستان یادی ٢٥ ساڵەی شیمیایی باران کرانی هەلەبجە کرایەوە؟

ناوی هەڵەبجەتان بیستوە؟

٢٥ ساڵ لەوە پێش شاری هەڵەبجە، لەلایەن ڕێژیمی بەعسی سەدام، یەکێک لە دوژمنانی کورد بە بۆمبی کیمیایی هێرشی کرایە سەر.

لەو هێرشەدا و تەنیا لە ماوەی چەند سەعات دا پێنج هەزار مرۆڤی بێ تاوان لەو پەلامارەدا گیانیان لە دەستدا کە پتر لە دوو



هەزار کەس لەوان منداڵ بوون.

شاری هەڵەبجە لە کاتێکدا شیمیاباران کرا، کە خەڵکی ئەو شارە خۆیان بۆ نەورۆز و بۆنەکانی سەری ساڵی نوێی کوردی ئامادە دەکرد، بەڵام دوژمنانی نەتەوەکەمان بە گازی خەردەڵ هێرشیان کردنە سەر و نەورۆزیان لێ کردین بە شین و شەپۆڕ.

منداڵە ئازیزەکان. ئێمە نابێ قەت ڕۆژی ٢٦ ی ئادار و ناوی هەلەبجە لەبیر بکەین. هەر بۆیەش لە ساڵیادی ئەو کارەساتەدا سەری ڕێز بۆ ڕوحی پاکی هەموو ئەو شەهیدانە دادەنەوێنین و سڵاوی خۆشەویستی و وەفایان بۆ دەنێرین.

سەرنووسەر

# ڤایرۆسی ماڵان

ئارام تازه له قوتابخانه هاتبۆوه، بەبێ سڵاو کردن خۆی به ژووریَ دا کرد و جانتاکەی لەبەر دەرکەکه فڕێ دا و له دایکی نزیک بۆوه: دایه پووڵم دەویَ یارییەکی جوان هاتووه و ئالان و ئاکۆو ژیاریش پێ یانه.

دایکی دەستی له ملی ئارام کردو ماچی کرد، ئارام گیان جاریَ بەخێر بێیەوه! ئەدی ئەوه کوا سڵاوەکەت، لەبیرت چوو؟ ئەدی ئەوڕۆ باش بووی له قوتابخانه؟!

ئارام: دایه باش بووم باش، تۆ جاریَ پووڵم دەیه!

دایکی ئارام: ئاخر، ئەو یارییه چۆنه؟ هیچ به کەلک دیَ؟!

ئارام به پەله پووڵەکەی له دایکی وەرگرت و هەر به جلەکانی قوتابخانەیەوه هەڵاته دووکانەکەی نزیکیان.

ئێستا نەگەیشتبۆوه، دایکی گوێی له تەقه تەقێک بوو و سەری سووڕما، ئەیرۆ ناکا ئەوه یارییەکه بیَ.

تاریک ببوو ئارام هەر لەبەر دەرکەو لەگەڵ منداڵان خەریکی کایه بەو شته سەیرو سەمەرەیه بوون.

ئارام ئەو شەوه وەک شەوانی دیکه دەستو دەمو چاوی نەشت و وانەکانی نەخوێند، هەر خەریکی کایه بەو یارییه بوو، دایکو باوکو خوشک و براکانی بێزار ببوون. نیگەرانی ئەوه بوون ئارام وانەکانی لەبیر بچێتەوەو کاتەکانی خۆی بەو یارییه بیَ کەلکانه به فیڕۆ بدا.

ماوەیەکی زۆری پێچوو، ئارام و هاوڕێکانی سەرەڕای ئەوەی ماڵەوەیان و دەرو دراوسێیان به دەنگی ناخۆشی ئەم کەلوپەله بێزار کردبوو ، له وانەکانیشیان دوا کەوتبوون. تەنانەت هێندێک له قوتابییەکان ئەم یارییەیان لەگەڵ خۆیان دەبردە خوێندنگه و لەویَ لەسەر پارەو شتی دیکه پێشبڕکێیان دەکردو هەر کەس زیاتری تەقەتەق کردبا، ئەوا خەڵاتەکەی دەبردەوه.

ئەم یارییه هەموو ماڵانی داگیر کردبوو و دایک و باوک و کەسوکاری منداڵەکانی تووشی سەرئێشەو نەخۆشی کردبوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەم یارییه سەیروسەمەره ناونرا «ڤایرۆسی ماڵان».

ئەوه بەره بەری نەورۆزەو ئارام و هاوڕێکانی سەرەڕای



کایە کردن بە «ڤایرۆسی ماڵان»، چاوەڕوانن دووکانەکانی گوندەکەیان تەرەقەو ئەو کەلوپەلانە بێنێ کە یاری ئاگرینیان پێ ئەنجام دەدرێ و دەنگی زۆرو ناخۆشیان هەیە، ئەوان نەیان دەزانی ئەمانە خەڵک بێزار دەکەن و دەبنە هۆی سووتان و کوێر بوونی کەسانی دەوروووبەریان.

ئاخرییەکەی کار گەیشتە ئەوەی دایک و باوکی ئارام و منداڵەکانی دیکە بڕیاریان دا سەردانی قوتابخانەی منداڵەکەیان بکەن و داوا لە مامۆستاکانیان بکەن ئامۆژگاری قوتابیان بکەن. دوایەش چوون داوایان لە دووکاندارەکانی گوندەکەیان کرد چیتر ئەم شتە بێ سوودانە بە منداڵان نەفرۆشن و هەوڵ بدەن منداڵانیش کاتەکانیان بە یاری بەسوودو خوێندنەوەو درووست کردنی کاردەستی و نووسینی بابەت بۆ بڵاوکراوەکانی منداڵان پڕ بکەنەوە.

**هانا وریا**




محەممەد هەوراز شەوی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٨ لە شاری نەغەدە لە دایک بووە.

بابی لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی دا و لە دوورخراوەیی و بەندیخانە بووە هەر بۆیە قۆناغی منداڵیی محەممەد سەخت و دژوار بووە.

محەممەد ساڵی ١٣٥٥ چۆتە قوتابخانە و ساڵی ١٣٦٦ دیپلۆمی وەرگرتووە دوای چەند ساڵ دابڕان لە خوێندن، ساڵی ١٣٧٣ لە شاری ورمێ چۆتە زانکۆو ساڵی ١٣٧٩ لیسانسی کارناسیی تەربیەت بەدەنی لەو زانکۆیە وەرگرتوە.

محەممەد هەوراز یەکەم جار ساڵی ١٣٦٧ شاخەوانی بە شێوەی پیشەیی دەست پێ کردووە و ساڵی ١٣٧٣ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی گرووپی شاخەوانانیی سامڕەندی شاری نەغەدە دادەمەزرێنن.

محەممەد هەوراز ساڵی ١٣٧٦ لەگەڵ تیمی میللی شاخەوانیی ئێران بە سەر ٢ چیای بەرزی پاکستان بە ناوەکانی گاشربرۆم و راکاپوشی دا وەسەر کەوتووە ساڵێک دواتر لەگەڵ تیمی میلیی ئێران وەسەر بەرزترین چیای جیهان، واتە کێوی ئێوێرێست کەوتوە.

ئەو چیانەی کە محەممەد لەماوەی شاخەوانیدا بەزاندوونی و ئەو مەقامانەی بەدەستی هێناون، بەشێکیان بریتین لە:

ساڵی ١٣٧٦ بەسەر چیای راکاپووشی دا سەر کەوتووە پلەی یەکەمی قارڕەی ئاسیای وەدەست هێناوە و هەر هەمان ساڵ بەسەر چیای ئێوێرێست سەر کەوتوە و میداڵی زێری جیهانی وەرگرتوە.

*ساڵی ١٣٧٨ وەدەست هێنانی مەقامی یەکەمی جیهان لە شاخەوانی
*ساڵی ١٣٧٨ وەرگرتنی بڕوانامەی راهێنەریی پلە ١
*ساڵی ١٣٧٨ وەسەرکەوتن بەسەر چیای شیشاپانگما
*ساڵی ١٣٧٩ بەدەست هێنانی بڕوانامەی راهێنەریی پلە٢

محەممەد هەوراز ساڵی ١٣٨١ لە کاتی سەرکەوتن بەسەر چیای گاشبرۆمی ١ لە پاکستان لە بەرزایی چیا کەوتە خوارێ و لە شاری ئیسلام ئابادی پاکستان کۆچی دوایی کرد.

**ئامادە کردنی: شیلان**

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



- کابرایەک کوڕەکەی ناوی زیاد دەبێ، ڕۆژێک زیاد لە ماڵێ دەچێتە دەرێ، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لە دەرگا دەدا باوکی دەڵێ کێ یە؟ کورەکەی دەڵێ زیادم، باوکی دەڵێ مادام زیادی مەیە ژوورەوە.



- منداڵێک لە مامۆستاکەی دەپرسێ: مامۆستا تەیارە بۆ ڕەقەمی نیە؟

مامۆستاش دەڵێ بۆ پێت وایە پۆلیسی هاتووچۆ مەلی باڵدارە بە حەوایە رەقەمەکەی بگرێ.



# نەورۆز

ئەمرۆ بەهارە و جێژنی کاوەیە
دەشت و دەر، رەنگین گشت رازاوەیە

سەیران و جێژنە بەزم و هەڵایە
دەنگی دەهۆڵ و شمشاڵ و نایە

دەکەن رەش بەڵەک لە دەشت و لە دەر
کیژو کوڕ بە پۆل لە ماڵ دەچنە دەر

نێرگزی بۆن خۆش ئاوێنەی گوڵان
دەبێتە خۆشیی هەزاران دڵان

منداڵان بە پۆل دەکەن جۆلانە
دڵیان زۆر خۆشە بەزمو سەیرانە

دەرۆن و دەچن گشت دەکەن یاری
گوڵان دەبەستن دەیکەن بە دیاری

پیرۆز بێ لێتان نەورۆز و بەهار
بە گەورەو بەچووک لە دێهات و شار

پیرۆز بێ نەورۆز، نەورۆزی جوانی
لە هەرچی کوردە بە کامەرانی

باوکی ئەوین و ئاوێزان

# ماردین

ماردین مورادی لە دایکبووی نەوسوود، پۆلی ١ سەرەتاییەو لە قوتابخانەی رۆژهەڵات دەخوینێ.
ماردین قوتابی‌یەکی زیرەکەو هەمیشە دەرسەکانی بە باشی دەخوینێ.
ماردین جیا لە زمانی کوری، تا رادەیەک زمانی عەرەبی و فارسیش دەزانێ و ناوی زۆربەی ئاژەڵەکان بە زمانی عەرەبی دەزانێ. ماردین لە ریگای کاناڵە عەرەبی وفارسییەکانەوە فیری زمانی عەرەبی و فارسی بووە.
راستەوخۆ چەند پرسیاریک لە ماردین دەکەم:
ئەسپ: حیسان
مەیمون: قرت
ورچ: دۆب
شیر : ئەسەد
مانگا : بەقەرە
سەگ: کلْپ



ماردین دەڵێ من گۆرانیم زۆر پێ خۆشەو چەندین گۆرانیی منداڵانەو هەروەها زۆربەی گۆرانی‌یەکانی هونەرمەندانی گەورە، سەباح هەورامی و عوسمان هەورامی دەتوانێ بلێتەوە.
ماردین دەڵێ کە گەورە بووم، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە کە ببمە فرۆکەوان و بە فرۆکەی خۆم بچمە ئەفریقای باشوورو بتوانم لە بەرزایی ئاسمانڕا سەیری ئەو ئاژەڵانە بکەم کە لە دارستانەکانی ئەوێ دەژین.



# ژیانی گوریلەکان

گوریل گەورەترین جۆری مەیموونەکانە. گوریلەکان گژوگیا دەخۆن و بە کۆمەڵ دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گیانلەبەرێکی شەرمێونن.
گوریلەکان زۆرتر لە ئافریقا دەژین.
گوریلەکان مەیموونێکی گەورە، هێدی و بێ دەنگن. ئەگەرچی گوریلەکان وەک بکوژی ترسناک ناوبانگیان هەیە، بەڵام لە راستیدا گیاخۆرێکی لەسەرەخۆو شەرمێونن.
گوریلەکان دەستیان زۆر گەورەیەو لەشێکی بەهێزیان هەیە. گوریلە نێرەکان لەباری جەستەییەو لە مێیەکان گەورەترن. ئەوان ٣٥ ساڵ دەژین و تەنیا سێ بێچوویان دەبێ و بێچووە گوریلەکانیش نیزیک بە ٢ ساڵ و نیو شیری دایکیان دەخۆن.
ئەدی دەزانن کە ئەو مەمکدارە گەورەو بەشکۆیانە لەبەر نەبوونی شوێنی ژیان و ژینگەی گونجاو خەریکە لە نێو دەچن؟



# سنەوبەری زەرتۆشتی
# (سنوبەری ئەبەر کێو )

دار سنەوبەری ئەبەرکێو کە سنەوبەری زەرتوشتی پێ دەڵێن، لە ئەبەرکێوی ئێرانە. ئەو دارە هەموو وەرزەکانی ساڵ سەوزە و ٤٠٠٠ تا ٤٥٠٠ ساڵ دەژی. دەڵێن سنەوبەری زەرتۆشتی بە تەمەنترین گیانلەبەر و دار، لە ویشکایی ئاسیایەو بەرزاییەکەی ٢٥ میترە.

**ئامادە کردنی: مینا**

# شاز و دیارەکان



• باڵابەرزترین مرۆڤی جیهان، ناوی « لئونید استادنیک» ە و لە ئۆکراین دەژی و بەرزیی باڵای ٢ مەترو ٣٢ سانتیمەترە.

گەشەی نائاسایی «لئونید استادنیک» لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە دەستی پێکرد، دوای ئەوەی لە نەشتەرگەرییەک دا یەکێک لە هۆرمۆنەکانی لەشی زیاتر لە ڕادەی پێویست فەرمانەکەی بەجێ هێناو ئەم هۆرمۆنە بووە هۆی بەرزبوونی باڵای لە ڕادەبەدەری ئەم پیاوە.



• بە تەمەنترین پیاوی جیهان ناوی « لی چینگ یون» و خەڵکی وڵاتی چین بوو. لی چینگ یون ٢٣ ژن و ١٨٠ منداڵی هەبوو. ئەم پیاوە ٢٥٦ ساڵ ژیا. ڕازی تەمەن‌درێژیی ئەم پیاوە نەبوونی ترس و سترێس و بە هێواشی بەڕێگادا ڕۆیشتن و تێر خەوی بووە.

لی چینگ یون وتوویەتی لە ساڵی ١٧٣٦ لەدایک بووە بەو پێیە ١٩٧ ساڵ ژیاوە، بەڵام مامۆستایەکی زانکۆ بە ناوی وو چونگ سەلماندوویەتی لی چینگ یون لە ساڵی ١٦٧٧ لەدایک بووە، واتە ٢٥٦ ساڵ ژیاوە،



• پائولین پاتر، قەڵەوترین ژنی دنیایە، ئەم خانمە کێشەکەی گەیشتە ٣١٧ کیلۆو دوای تۆمار کردنی ئەم ڕیکۆردە، لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا بڕیاری دا بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی و کێشی خۆی کەم بکاتەوە.

• پیاوێکی تایوانی زیاتر لە سی ساڵە نەخەوتوە. دوای لێکۆڵینەوەیەک دەرکەوتوە ئەم پیاوە ساڵی ١٩٧٣ تایەکی قورسی گرتوەو لەم کاتەوە نەیتوانیوە بخەوێ. شایانی باسە ئەم بێ خەوییە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تەندروستیی ئەم پیاوە نەبووە، ئەم پیاوە بە بەردەوامی لە کێلگەیەک دا چاودێریی  بەراز و مریشکەکانی دەکا.

**ئامادەکردنی: هانا**

# دارستانی بێ هەست و خوست

هەبوو نەبوو دارستانێک هەبوو، لەو دارستانەدا کۆمەڵێک ئاژەڵی جۆراو جۆر ساڵانێک بوو پێکەوە دەژیان.
لە نێو ئەم ئاژەڵانەدا ڕێوییەک هەبوو کە لە مەیمون دەچوو، جلی شێری دەبەر کردبوو . هەموو وایاندەزانی کە ئەوە شێرە. هەر بەهۆی نەزانی و گێلیی ئاژەڵەکان ، ئەو ڕێوییە کە خۆی بە شێر پێشانی هەمووان دابوو، ببوە حاکمی دارستانەکە. مام ڕێوی چی پێ خۆش بوایە دەی کرد، کۆمەڵێک ئاژەڵی گوێ لەمستی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوەوە. ئەو ئاژەڵە هیچ نەزانانە پشتیوانیان لێ دەکرد بێ ئەوەی بزانن چ لە ناخی ئەودا هەیە و بێ ئەوەی بزانن کە ئەمە هەر لە بنی را شێرە یان نا؟
لە هەر کوێ و لە هەر جێیەک ڕێوی قسەی کردبا، ئەوان دەسبەجێ چەپڵەیان بۆ لێ دەدا و دەیانگووت ئای کە قسەکانی جوانە، ئای کە هەڵسوکەتی ڕێکوپێکە.
کاتێ کە مام ڕێوی دەچوو بۆ سەفەرو دەگەڕایەوە، یەک حەوتوو شاییان بۆ دەگێرا. ڕێویش ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی خۆی زیاتر دەکردو چی بە دڵ بوایەو چی پێ خۆش بوایە دەی کرد، دارستان دارستانی خۆی بوو...

منداڵە ئازیزەکان!
ساڵانێک ئەم ڕێوییە کە جلی شێری دەبەر کردبوو، ئاوای بۆ دەچووە پێش، تاکوو ڕۆژێک شێرێک ڕووی کردە ئەو دارستانە.



ڕۆژێکیان شێری ڕاستەقینەو مام ڕێوی کەجلکی شێری دەبەردابوو، بەرەوڕووی یەک بوونەوە. ئەوان لەسەر کەلاکی چەند باڵندە لێیان بوو بەشەڕ. شێری ڕاستەقینە چەپۆکێکی داگژاندە ئەوی دیکەیان و پێست و یاڵ و کوپاڵی هێنایە خوارێ. ئاژەڵەکان چ ببینن، کورە خۆ ئەوە ڕێوییەو ساڵەهای ساڵە لە پێستی شێردا زۆردارییان بەسەر دادەکا.
شێرە ڕاستەقینەکە بە چەپۆکێکی دیکە مام ڕێوی لەسەر عەرزی درێژ کرد، بەمجۆرە تەمەنی ڕێویی فێڵەزان کۆتایی پێ هات.
**ئازاد عەباسیان**

# ئاواتی منداڵان



من ناوم سیروان محەممەدپووره، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ببم بە دکتور بۆ ئەوەی خزمەت بە وڵاتەکەم بکەم.



من ناوم سانا لوتفیه، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ببم بە ئەندازیار و بتوانم خزمەت بە نەتەوەکەم بکەم.



من ناوم فرمێسکەخوشکی سیروانم، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ببمە مامۆستا بۆ ئوەی بتوانم خزمەت بە منداڵانی کوردستان بکەم.



من ناوم پێشەوا موساپوور، پۆلی دووهەمی سەرەتاییم. گەورەترین ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا ببم بە ئەندازیار.

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

بێگەرد عەلی پوور

## وانەی پازدەیەم: سەوزە vegetables



carrot گێزەر

sweet pepper بیباری شیرین



tomatoes تەماتە





onion پیواز



potatoes پەتاتە



eggplants باینجان



lettuce کاهوو



radish توور



cucumber خەیار



mushroom کارگ



garlic سیر



corn گەنمەشامی

A B C D E F G H I J k L M N O P Q R S T U V W X Y Z

A E B C G H I F J k M N P Q R S T O U L V W X Y Z i

# حەقایەتەکانی دایەگەورە

هەر کاتێک قوتابخانەکەمان دادەخراو من بۆ چەند رۆژێک دەرس و مەشقم نەدەبوو، دەچوومەوە گوندەکەی خۆمان و لای نەنکم دەمامەوە. ئەو جارەش چوومە لای نەنکم و وەک هەمیشە لێی بوومە میوان. نەنکم تێر ماچی کردم و منیش پێم گوت کە دایە گەورە ئەو جارەیان ١٠-١٢ ڕۆژ لەلات دەمێنمەوە، چونکی بەرەو نەورۆزەو جارێ ناچینەوە مەدرەسە.

نەنکیشکم گوتی مادام وایە منیش هەموو شەوێ حەقایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە:

**شەوی یەکەم و چیرۆکی ورچە چکۆلە**

زۆر لەمەوبەر و پێش هاتنی وەرزی زستان چوار ورچ لە ئەشکەوتێک دا خەویان لێ کەوتبوو. ئاخر لە وەرزی زستان دا ورچەکان دەخەون و تاکوو بەهار لە خەودا دەمێننەوە. ئەو چوار ورچە بنەماڵەیەکی ژیکەڵانە بوون و لە دایەو بابەو دوو ورچی بچکۆلانە پێک هاتبوون.

بەچکە ورچەکان ناویان ڕەشەو خرپن بوو. ڕەشە ورچێکی جوانی ڕەش رەش بوو کە هەمیشە خەریکی قومار و کایە کردن بوو، بەڵام خرپن خوشکە چکۆلەی ڕەشە بوو، خرپن هەمیشە لەگەڵ دایکی دەمایەوە. بەیانییەک ڕەشە بە دەنگی بولبول و مەلە دەنگخۆشەکان لە خەو هەستاو چووە نێو دارستان. لەوێ چاوی بە ماڵی زەرگەتان کەوت. بیری کردەوە کە بچێ و برێک هەنگوین بخوا، بەڵام دایکی پێی گوتبوو پێش ئەوەی کارێک بکا دەبێ لەگەڵ بابی یان دایکی قسە بکا، بەڵام ڕەشە تەمبەڵی کردو وتی دەی هیچ نیە دوایە بە دایکم دەڵێم، خۆ هیچ نابێ.

وابوو کە ڕەشە چووە لای شانە مێشەکان و دەستی خستە نێو ماڵەکەیان و خەرای کرد، زەرگەتەکانیش کە پێیان ناخۆش بوو هەموویان بە تووڕەییەوە ڕێی ڕەشەی کەوتن و تاکوو لە چۆمەکەیان



نەهاویشت، دەستیان لێ هەڵ نەگرت.

ڕەشە دەگریا و بانگی دایکی دەکرد و بە دەم گریانەوە گەڕاوە ماڵێ. لەوێ بەسەرهاتەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە. دایکی پێی گوت کە جارێکی دیکە نابێ بە بێ ئیجازەی ئەو کاری وا بکاتەوە و ناشبێ قەت تخوونی شانە زەرگەتان بێتەوە.

ڕەشە هەر دەگریا و فرمێسکی دەڕشت، دوایە دایکی و خرپن برینەکانی ڕەشەیان چاک کردەوە و پاش چەند ڕۆژانیش بابی ڕەشە و خرپن، هەنگوینی بۆ هێنانەوەو ئەوانیش تێر تێر پێکەنین کە بۆچی ڕەشە کارێکی ئاوایی کردوە. ئیدی وابوو ڕەشە بەڵێنی بە دایک و بابی دا کە قەت کاری وا نەکاتەوە و بۆ هەموو شتێک پرس بە گەورەکانی خۆی بکا...

نەنکی هەژار کە چیرۆکەکەی تەواو کردبوو، چاوی لە هەژار کرد و دیتی خرپ خەوی لێ کەوتووە و وێناچێ گوێی لە کۆتایی چیرۆکەکە بووبێ....

**(( نیعمەت مەلا))**

# بەسەرهاتی دەنکە تۆوێک

سالآنێکی زوو، کابرایەکی جوتیار تەلیسێکی گەورە تۆوی رووەکی سوار داشقەکەی کردو دەیویست بیبا بۆ شار تاکوو بیفرۆشێ. لە ناکاو بەردێک کەوتە بەر یەکێک لە تگەرەکانی داشقەکەی، دەنکێ لە تۆوی ڕوەکەکان کەوتە سەر زەویی وشک و گەرم و لە تەلیسە تۆوەکە بەجێ ما.

دەنکە تۆوەکە زۆر ترساو لای خۆی گوتی: من تەنیا شوێنێک کە ژیانم تێیدا پارێزراوە ژێر زەوییە، هەر لەوکاتەدا بوو کە مانگایەکی گەورە هات و بە لاقی تۆوەکەی پاڵ پێوە نا و خستیە ژێر زەوی.

دەنکە تۆوەکە تا رادەیەک دڵخۆش بوو، بەڵام کە بیری کردەوەو وتی من زۆرم تینوویە و پێویستم بە ئاوە بۆ ئەوەی گەشە بکەم و گەورە ببم. راست لەو کاتەدا وردە وردە دایدایە باران.

رۆژی دواتر دەنکە تۆوەکە چەکەرەی دا و هەر بە درێژایی ئەو رۆژە چەکەرەکە لە ژێر رووناکایی تیشکی خۆردا مایەوەو گەورەو گەورەتر بوو.

رۆژی دواتر دەنکە تۆوەکە یەکەم گەڵای دەرکرد، ئیدی دەنکە تۆوەکە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو.

بەڵام رۆژێکیان لە کاتی خۆر ئاوا بوون، باڵندەیەکی برسی دەندوکی لە گەڵا و قەدی رووەکەکە گیر کرد و ویستی بیخوا،



بەڵام رەگ و ڕیشەی ڕوەکەکە زۆر بە توندی خۆیان لە زەویەکە گیر کردبوو، نەیانهێشت کە باڵندەکە بیخوا.

سالآنێکی زۆر تێپەڕی و دەنکە ڕوەکەکە زیاتر ئاوی بارانی خواردو زۆرتر لە بەر تیشکی خۆر مایەوە تاکوو تەواو گەورە بوو، سەرەتا بوو بە دارێکی بچوک و دواتریش دارێکی گەورە.

ئێستا منداڵە ئازیزەکان کە دەچنە دەشت و کێوەکان، ژمارەیەکی زۆر دار و درەخت دەبینن کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لەو دەنکە تۆوەن.

**وەرگێران: بانە عەزیزی**

# سێ بەرازەکەو مام گورگ



هەبوو نەبوو سێ بەراز هەبوو. ئەو سێ بەرازە پێکەوە برا بوون، بەڵامماڵیان نەبوو. ئەوان گوتیان هەر کەسەو ماڵی خۆی بۆ خۆی دروستی بکا. بەرازی یەکەم کە برا چووکەیان بوو، خانوویەکی لەدار دروست کرد، برا نێونجییەکەیان خانوویەکەی لەکلۆشی گەنم ساز کرد و براگەورەکەیان خانووەکی بەبەردو قوڕ دانا.

برا گەورەکەیان هێشتا خانووەکەی تەواو نەکردبوو کە گورگێک پەلاماری دان. مام گورگ خانووی براچووکەکەی ڕووخاندو بۆی چووە ژووری. برازە چکۆلەکە هەڵاتە ماڵی براکەی کە لە کلۆش ساز کرابوو. بەڵام مام گورگ گەیشتە سەریان و بەچنگەکانی ئەویشی تێک دا. دوو بەرازەکە بەڕاکەڕاکە هەڵاتنە ماڵی کاکیان و لەگەڵ براگەورەکەیان دەرکەیان داخست. مام گورگ زۆری هەوڵ دا، بەڵام هیچی پێ نەکرا. خانووەکە لە دار و بەرد و قوڕ و کاشی ساز کرابوو، زۆر بەزەحمەت بوو بتوانی زەفەری پێ ببەی. گورگەکە لە دووکەڵکێشی ماڵەکەوە دەیەویست بۆیان بجێتە ژووری. بێ خەبەر لەوەی ئەوە مەنجەڵێک ئاو لەسەر ئاور نراوە. گورگ بەر بۆوە نێو ئاوی کوڵاوتووو، کلک و تووک و پێستی هەموو داماڵدران.

گورگەکە هەر ئەوەندەی پێ کرا گلکی لەگەڵووزی نێ و بە هەڵداوان لەوێ دوور کەویتەوەو ببڕاو ببڕ بیر لەخواردنی بەچکە بەرازان نەکاتەوە.

**وەرگێڕان لە نۆڕوێژییەوە: ڕۆژینا شەریفی**

# سێ هاوڕێی خراپ

لە کۆن ڕا سێ هاوڕێ هەبوون کە حەزیان لێ بوو پێکەوە بڕۆن بۆ جێگای زۆر دوور.
لە یەکێک لەو گەشتانەیاندا ڕێیان کەوتە ئەشکەوتێکی گەورە. ئەو ئەشکەوتە کونێکی گەورەی تێدابوو کە بە بەردێکی گەورە گیرابوو، یەکێک لەو سێ هاوڕێیە کە زۆر خۆویست و چاو چنۆک بوو، چوو سەیری کەلێنێکی بچووکی نێو بەردەکەی کرد و بریسکە دانەوە و ڕووناکییەکی زۆری بینی. هەرچەندە ئەو حەزی نەدەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی ئەو بەردە لابا، بەڵام بە ناچاری داوای یارمەتی لێ کردن. هاوڕێکانیشی گوتیان: « ئێمە یارمەتیت نادەین». بەڵێ، هیچ کام لە هاوڕێکانی یارمەتییان نەداو ئەویش خۆی بە تەنیا هەوڵی دا بەردەکە لاببا. هاوڕێکانی دیکەی لە ژێر دارێکدا بێکار دانیشتبوون و بیریان دەکردەوە کە دوایە چی بکەن؟ نیو سەعات دواتر سێ پیاوی دیکەش بە لای بەردەکەدا تێپەڕین و ئەو بریسکەدانەوە و ڕووناکیە زۆرەکەیان بینی. کە لە کەلێنەکە دەردەچوو. بەڵام بە پێچەوانەی سێ هاوریکەی دیکە، ئەوان بڕیاریان دا کە پێکەوە بەردەکە لاببەن و یارمەتیی یەکتر بدەن.
ئەوان هەوڵیان دا و هەموو هێزی خۆیان بە کارهێنا و توانیان ئەو بەردە گەورە لاببەن کە بەردەمی ئەو کونەی گرتبوو.




ئەوان زۆر سەرسام بوون کە ئەو گەنجینە شاراوەیان دیتەوە. هەموو گەنجینەکەیان بە یارمەتیی یەکتر هەڵگرت و بڕیاریان دا کە بە یەکسانی لە نێو خۆیاندا دابەشی بکەن. ئەوان گوتیان کە ئەو گەنجینەیە دەتوانێ ژیانیان بگۆڕێ.
سێ هاوڕێ خراپەکەش سەیریان کرد کە ئەو سێ هاوڕێ باشە چەندە خۆشحاڵن کە بە یارمەتیی یەکتر توانییان ئەو گەنجینەیان بیبیننەوەو لەگەڵ خۆیانی بەرنەوە. ئەوان زۆر پەشیمان بوونەوە کە یارمەتیی یەکتریان نەداوە، بەڵام تازە پەشیمانی بۆ ئەوان هیچ کەلکی نەبوو.

**و. لە ئینگلیزییەوە بێژان مەعروفی**

# نەغەدە

شاری نەغەدە یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و لە باشووری پارێزگای ورمیێ و لە دەشتی سندووس هەڵکەوتوە.

دەشتی سندووس دەشتێکی پڕ پیت و بەرەکەتەو زەوی و زاری بە پیزو باغ و باغاتی سێو و ترێی بەناوبانگی هەیە. شاری نەغەدە لە نێوان شارەکانی ورمیێ لە باکوور، شنۆ لە ڕۆژئاوا، مەهاباد لە ڕۆژهەلات و پیرانشار لە باشوور هەڵکەوتوە. ڕووباری گادەر کە لە کوێستانەکانی سیدەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و بە پەنا شاری نەغەدەو بە دەشتی سندووس‌دا تێدەپەڕێ و دوای پاراوکردنی زەوی و زاری ئەم ناوچەیە، دەڕژێتە گۆلی ورمیێ وە.

تەمەنی شارستانیەت و ئاوەدانیی شارو ناوچەی نەغەدە لەباری مێژووییەوە بە پێی سەرچاوە دێریناسییەکان بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. یەکێک لە ئاسەوارە مێژووییە بەناوبەنگەکانی ئەو ناوچەیە تەپپەی حەسەنلوویە کە لە ٩ کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژهەلاتی نەغەدە هەڵکەوتوە و مێژووەکەی بۆ شەش هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوەو کۆمەڵێک دەفرو چادانی گڵینە بە نەخش و نیگاری زۆر جوان لەم ناوچەیە دۆزراونەتەوە کە بەناوبانگترینیان جامی زێڕینی حەسەنلوویە کە مێژووەکەی بۆ ٧٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەو جامە ساڵی ١٣٣٧ لە لایەن دێریناسی ئەمریکی «دایسۆن» لە تەپۆلکەی حەسەنلوو دۆزراوەتەوە و ناوبانگی جیهانی هەیە.

بە پێی ئاماری ساڵی ١٣٨٥ ژمارەی دانیشتوانی نەغەدە ١١٧ هەزار کەس بووە. ئەم ناوچەیە لە کۆنەوە شوێنی ژیانی مادەکان و ماناکان و گلیزانەکان بووە. ساڵی ١٢٤٥ی کۆچی مانگی لە سەردەمی فەتحعەلی شای قاجاردا عێلی قەرەپەپاغ لە قەفقازەوە هێندراونەتە ئەم ناوچەیە و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەرقاڵ بوونە.



دانیشتوانی ئەمڕۆی شاری نەغەدە لە دوو نەتەوەی کوردو ئازەری پێک دێن کە زیاتر لە سەدا ٦٠ی کورد و ئەوی دیکە ئازەرییە.

لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی‌دا دەسەڵاتدارانی تاران بە کەڵک وەرگرتن لە جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی دانیشتوانی ئەم شارە، هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و لێک دوور کردنەوەی ئەم دوو نەتەوەیان داوەو بە ئەسپاردنی دەسەڵاتە ئیداری و بەڕێوەبەرییەکان بە نەتەوەی ئازەری، ڕێگەی هەلاواردن و چەوسانەوەی زیاتری گەلی کوردیان لەم شارە خۆش کردوە. هەر بۆیە کورد لەم شارە کەوتۆتە بەر زیاترین هەلاواردنی سیستماتیک لە لایەن ڕێژیمەوە و کەسانی هەڵپەرەستی ناو دەسەلات بە هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ئازەرییەکانی شارەکانی دیکە وەک بناو و مەراغە و دانی ئیمکاناتی دەوڵەتی وەک زەوی و وام و کار، هەوڵی گۆڕینی دێمۆگرافیی شارەکەیان داوە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا گەڕەکە ئازەری نشینەکانیان بە ڕادەیەکی بەرچاو پەرەپێداوە و لە بەرامبەردا دەیان بەربەستیان لەبەردەم گەڕەکە کوردنشینەکان داناوە و کەمترین ئیمکاناتیان بۆ تەرخان کردوە.

**سۆما ڕەواندوست**




## فێرگەی نەقاشی





ئایلین عەزیززادە



ئەسیرا ئیسماعیل



لاوان و لانە بۆرە





رۆبیتا و ئارتیما شوانی



میلاد خزرنژاد



پەیدا سەباح



هیوا پوورسەعید



پەیام سەباع



فەرهەم فەرامەرزی

# من و دیاریی‌یەکانی ڕۆژی لە دایک‌بوونم



ڕۆژی ٢٧ ی ڕیبەندان ڕۆژی لە دایکبوونی من بوو. دایکم و باوکم هەموو ساڵێ جیژنی لە دایکبوونیان بۆ گرتووم، بەڵام ئی یەکەم ساڵم باش وەبیر نایە، کە چاو لە وێنەکانی ئەو جیژنەش دەکەم، زۆر پێدەکەنم، ئاخر ئەوەندە چووکە بووم نەبێتەوە.

میوانەکانی جیژنی لە دایک‌بوونی ئەمساڵم هەمووم بۆخۆم بانگ کردبوو، سارۆ، نیگا، هێما، پێشەوا، ساریژ و شیلانی ئامۆزامو ئەوانی دیکەش. ئەو شەوە زۆر خۆش بوو، بەتایبەت ئەو کاتەی چرای ژوورەکە کووژابوویەوەو، ئەمن فووم لە مۆمەکە دەکرد، دەی دوایەش دیارییەکان، ئای دیاریی جوان جوانم بۆ هاتبوو.

ئەمن یەک بە یەکی ئەو دیارییانەم پێ جوان بوو، بە تایبەت دیاریی دایکمو باوکم. کاتێ دیارییەکەی باوکمم کردەوە دیتم کراسێکی هیندە جوانە... بەڵام کە لەبەرم کرد بەژنەکەی کورت بوو، وەڕووی بابم نەداوەتەوە. ئێستاش جارجارە لە ژوورێ دەبەری دەکەمو دێمە لای باوکم تا بیبینێ کە دەبەرم دایە. ئەمن ئەو دیارییانەی بۆم هاتوون هەموویانم خۆش دەوێن، هەمووشیان بەکاردێنم. بۆ نموونە شەوانە لەگەڵ یەکێک لەو بووکەڵانە دەخەوم کە بۆم هاتوون. بەڕۆژ کە دەچمە دەرێ یەکێک لەو بۆن و عەترانە لە خۆم دەدەم کە بۆیان هێناوم. شەوانەش کە دەمەوێ نەققاشی بکێشمەوە ، لە سەر ئەو مێز و کورسییە دادەنیشم کە شیلان بەدیاری بۆی هێناوم. ئەوڕۆش دوانیوەڕۆ کە هەوا خۆش بوو، چووم ئەو کۆلارەیەم هەڵ دا کە بە دیاری بۆم هاتبوو. کەلوپەلی یاری‌یەکانیش بە نۆرە کایەیان پێ دەکەم.

ماوە شتێک بڵێم، دایە... بابە... خۆشم دەوێن. سپاس کە منتان لە بیرەو هەموو ساڵێ جیژنی لە دایکبوونم بۆ دەگرن. سپاس هاورێ خۆشەوسیتەکانم کە بە هاتنتان جیژنەکەی منتان ڕازاوەتر کردبوو. سپاس دنیای منداڵان کە ئەو بیرەوەرییەم بۆ چاپ دەکەن.



کارزان ئەفشین



پێشرەو موساپوور



پێشەوا موساپوور



کانی نەجیبی



بیتا پرکاڵ



ژیان پاکدامەن



بێگەرد خەلیفەزادە



فرانکۆ لاچینی



دانیە محەممەد

# دنیای منداڵان

# Children World



هێما قادرپوور